# یادی حاجی شێخ ئەحمەدی کوڕی شێخ عوثمان سیراجوددین

## ژیانی حاجی شێخ ئەحمەد

ئەم ذاتە لە شەشی (جمادی الثانیە)ی ساڵی ۱۲٦٦دا لـە دێی بیـارە لەدایکبووە • دایکی ناوی نوورشەرەفە لە ئاغەکانی پژدەرو لـە تـیرەی میراودەلی • هەر بۆیەش شێخانی بیارە بە (خاڵۆ) بانگ ئەکەنە ئاغەکانـی پژدەرو قسەیان لەگەڵدا ئەکەن •

مەلا حامیدی کاتبی باوکی ئەم غەزەلەی بەبۆنـەی لەدایکبوونیـەوە دانـاوە :

دوش چه دم ؟ خوش دمی ، از چه ؟ ز سلطان صبح
دبدبه زد ، بر چه ؟ بر گنبد نیلوفری

شب ، چه شبی ؟ شنبه بود ، هفتم ماهی ، چه مه ؟
ماه جمادی که یافت مرتبهء آخری

مژده رسید ، از که ؟ از بخت ، به که ؟ با جهان
کامدت از نو به ساز نوبت فرخ فری

جلوه نمود اختری ، از چه ؟ ز برج شرف
خنده زند ، بر که ؟ بر زهره و بر مشتری

ماه رخی داد حق ، برده ، چه برده ؟ سبق
شعشعه‌اش از چه ؟ از مشعلهء خاوری

نام وی (احمد) نیکواست ، از چه ؟ ازین رو که اواست
داد ز بس دوست همنامیء پیغمبری

معرفت و سروری هست چو در شان او
شد رقمش این دو لفظ (معرفت) و (سروری) [1]

ئەم ذاتە لە خزمەتی باوکیدا گەورە بووەو پێگەیشتووە • پاش فام پەیداکردن نراوەتە بەر خوێندن • پاش خەتم کردنی قورئان‌و خوێندنی کتێبە وردەکان لە خزمەتی مەلا ئەحمەدی تۆتشەیی‌و مەلا حامیدو مەولەویدا خوێندوویەتی • لە ئوسوولی دیندا دەستێکی بالای بووە • (العقیدة المرضیة)ی مەولەویی لە خزمەتی مەولەویدا خوێندوەو گەلێ حاشیەشی لەسەر نووسیوە کە هەندێکیان لەگەڵ عەقیدەکەدا چاپکراون [2] • حاجی شێخ ئەحمەد تەریقەتیشی لەسەر دەستی باوکیدا وەرگرتووەو شێخ موحەممەد بەهائوددینی برای لەم‌ڕووەوە پەروەردەی کردووەو ، سەرەنجام پلەی خەلافەتی لە باوکی وەرگرتووەو خەریکی ئیرشادکردنی موسولمانان بووە • بەجێ‌هێنانی سوننەتەکانی پێغەمبەری زۆر مەبەست بووە ، تەنانەت ئەگێڕنەوە لە سەفەری حەج‌و ئەستەموولیشدا شەونوێژی تەرك نەکردووە •

ئەم ذاتە لە ژیانی باوکیدا هەر لە تەوێڵە بووەو پاش کۆچی دوایی باوکی دێی (ئەحمەد ئاوا)ی لە قەراخ چەمی (زەڵم)و لە بناری دەشتی شارەزوورو داوێنی چیای هەوراماندا ئاوا کردوەتەوەو کردوویە بە نشینگەی خۆی •

ئەم ذاتە لە ساڵی ۱۳۰۷دا لە ئەحمەدئاوا بە نەخۆشیی چاوەقوولە کۆچی

---

(۱) ئەم وشانە بە حیسابی حورووفی ئەبجەد ۱۲٦٦یان لێ دەرئەچێ کە ساڵی لەدایك‌بوونی حاجی شێخ ئەحمەدە .

(۲) تەواوی ئەم حاشیانە لە کتێبێکدا نووسراونەتەوە کە ئێستا لای مەلا خالیدی کوڕی مەلا عەبدوڵلای موفتی‌یە لە سنە .

دوایی کردووەو براوەتەوە بۆ تەوێڵە ، لەوێ لە کەناری چەمی تەوێڵەدا لە بەرانبەری ئارامگای باوکیەوە بە خاك سپێرراوە •

## ئەولادی حاجی شێخ ئەحمەد

ئەم ذاتە چوار کوڕی لەپاش بەجێماوە • یەکەم : شێخ هیدایەت کە پاش کۆچی دوایی باوکی چووە بۆ هەورامانی ئەودیوو لە (خانەگا)ی بەرانبەری (ڕەزاو) نیشتەجێ بووە • دووەم : شێخ عەبدوڵڵا کە ئەمیش پاش کۆچی دوایی باوکی چووە بۆ هەورامان‌و هەندێکی دێی (نێزل)ی کڕیوەو لەوێ دانیشتووە • سێهەم : شێخ حەبیب‌و چوارمیش شێخ حەسەنی ناو بووە • ئەم شێخ حەسەنەیان لە سەردەمی ڕەزاشادا لەگەڵ ئەو کوردانەدا کە ڕەزاشا گرتنی ، گیراوەو لە مەشهەد لە ناوچەی خوراسان لە بەندیخانەدا مردووە • ئەم کوڕانەی حاجی شێخ ئەحمەد لە کاتی کۆچی دوایی باوکیاندا منداڵ بوون‌و شێخی ضیائوددین سەرپەرشتیی کردوون‌و پێی گەیاندوون •

## سەفەری حاجی شێخ ئەحمەد بۆ ئەستەموڵ‌و بۆ حەج

حاجی شێخ ئەحمەد پاش کۆچی شێخ موحەممەد بەهائوددینی برای لە دەوروبەری ۱۲۹۹دا سەفەرێکی ئەستەموڵی کردووەو ماوەیەك لەوێ ماوەتەوەو ئیرشادی کردووە • لەو ماوەیەدا کە لەوێ بووە سوڵتان عەبدولحەمیدی عوسمانی زۆر ڕێزی لێ گرتووەو ، کە گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان قورئانێکی پیرۆزو چەند تەڵ مووی ڕیشی پیرۆزی حەزرەتی پێغەمبەر [٣]ی بە خەڵات پێ بەخشیوەو فەرمانی تاپۆی چەند پارچە زەوی‌و

(٣) پاش کۆچی دوایی حاجی شێخ ئەحمەد ، بەهۆی ئەوەوە کە ئەحمەدئاوا دێیەکی بچووك بوەو کوڕەکانی حاجی شێخ ئەحمەدیش هەموو منداڵ بوون ، ئەم تەڵە مووە پیرۆزانە کە لەناو شووشەیەکی بچووکدان‌و

جۆگای ئاوی داوەتێ بۆ خۆراکدانی هەژارانی موسوڵمانان کە پشتجۆگەی (دەلێن)و بەرجۆگەی (دەیمەجۆ)ی پشتی (ئەحمەداوا)و جۆگەی (بەشارەت)و (شەشك) لە شارەزوور لەمانەن • هەروا چەند پارچە زەوی‌یەکی دەوری دێی (پریس)یش کە داونی بە بەگزادەی جاف • جۆگەی شەشكو بەشارەتیشی داوە بە شێخ عومەر ضیائوددین ، بەڵام ئەم نەیویستووە چونکە مەلاکـان شوبهەیان لە دروستیی ئەو بەخشین‌و تاپۆکردنەی سوڵتاندا بووە وەك پێشتر باسمان‌کرد •

حاجی شێخ ئەحمەد لە ساڵی ١٣٠٢یشدا سەفەری حەجی کردووەو پاش تەواوکردنی حەج بە چەند مانگێ گەڕاوەتەوە بۆ هەورامان • مەلا حامیدی مامۆستای بەم چوارخشتەکی‌یە پێشوازیی گەڕانەوەی لەم سـەفەرە لـێ کردووە :

بر گوی بە من ای فلك شعبدەباز
تا زین دو کدام باز گردیدە بە نـاز

خورشید قوی مهر تو از مشرق چین
یا بدر جمال احمد از صوب حجاز

---

شووشەکەش لە سندووقێکی پۆڵادایە ، بە قەدرو حورمەتێکی زۆرەوە گوێزراونەتەوە بۆ بیارەو لە ژووری تایبەتیی شێخ عومەر ضیائوددیندا لە تاقێکـدا دانـراون . ئـەم مـووە پیرۆزانـە بە (مەحاسینی شەریف) بەناووبانگن‌و ئێستاش ئەم سندووقی مەحـاسینە هـەر لـە شـوێنی خۆیدایەتی . ئەم ژوورە ئێستا ئارامگای شـێخی ضیائوددیـن‌و شـێخ نەجموددین‌و شێخ عەلائوددینیشی تیایە . لەوکاتەوە کراوە بە عـادەت هەرکاتێ بێ‌بارانی‌یەك بێ یا هەراو مسیبەتێ ڕوویدا سندووقی مەحاسین لە شوێنی خویەوە ئەهێننە دەرەوە لەسەر بەردە نوێژەکانی خانەقـا لە کەناری حەوزەکەدا دای‌ئەنێن‌و مەلاو فەقـێ‌و خەڵـکی‌تر صـەڵەواتی مونجی‌یە یا قەسیدەی بوردی‌یەی بەدەوردا ئەخوێننـەوەو تەماشـای ئەکەن‌و ماچی ئەکەن‌و لە خوا ئەپـاڕێنەوە کە بـۆ خـاتری حـەزرەتی پێغەمبەر ئەو بێ‌بارانی‌یە یا ئەو هەراو مسیبەتە هەڵبگرێ .

پاش گەڕانەوەی حاجی شێخ احمد لە سەفەری حەج و جێگیربوونی لە ئەحمەداوا ئەو نارەحەتی و ناخۆشی یە نەماوە کە پێشان لەناودا بووە • شێخ عەلی حیسامودینی کوڕی شێخی بەهائوددین لە تەوێڵە لە جێی باوکی جێگیر بووەو شێخی ضیائوددینیش لە بیارە بووەو حاجی شێخ ئەحمەدیش بۆ خۆی لە ئەحمەداوا گیرساوەتەوەو بەم جۆرە هەموویان بە جێبەجێ کردنی ئەرکی ئایینی و کاروباری خۆیانەوە خەریك بوون ••

## نامەیەکی حاجی شێخ ئەحمەد
## کە لە مەککەوە بۆ شێخ عومەر ضیائوددینی نووسیوە

خدا کناد که یك بار دیگرت بینم
چو دیده بازکنم در برابرت بینم

چو صید مرده پس از مرگ دیده‌ام بازاست
بدان امید که یك بار دیگرت بینم

سرور ملاطفت گستر خودرا فدا میشوم •

اولا :

به عالم غیر ازین کامی نخواهم گر به دست افتد
گذاری با تو ، وز مردم کناری تا چه پیش آید

ثانی ، حالات گر ملتفت شوی له المنه به سلامتی و صحت واصل کعبهء مقصود شدیم ، و درین مقام محمود تمنای صحت آن وجود ذی‌جودرا از هر مرامها گزیدیم •

حین تحریر که پنج‌شنبه ۲۳ شهر ذی‌الحجة الحرام میباشد عزم طرف مدینه‌را علی ساکنها آلاف صلاة و سلام و تحیه جزم‌کرده‌ام • دو روز دگر

(علی برکة الله) راهی میشویم • ان شاء الله التفات آن حضرت باشد تا زمستان نزدیك آن آستان میشوم ، و تلغرافرا وقت نزدیك شدن مینویسم •

آری به همت تا حال همهء آمال حب الخواه بوده‌است • عجائب کاروباراست که غالب اوقات بلکه در همه ساعات در خوابها به خدمت رسیده و هردمی به نوعی معاملات‌را میدیدیم و عرض میکردیم • عاشقم بر قهر و بر لطفت به جد • باقی مگر در شرف تلاقی تفصیل‌را عرض داریم •

جناب مستطاب سید حسن [٤] سلمه الله حاضر و بر التفات غائبانهء آن حضرت ناظراست • خودت میدانی که خودش به خط خود عادت عرض عرائض ندارد ، والا که معلوم که : سراپا در جبین میغلطد از یاد سراپایت •

حاضران بزم حضوررا خصوصا نورچشمان ارجمند طول الله عمرهم یادآور و داعی طول عمر بر سعادت و صلاحتم ، و به نامهء دیگر غیر از این نامه تفصیلا مصدع شداه‌ام • یقین رسیده • به هر حال غرض یادآوریست • در دل دوست به هر حیله رهی باید کرد •

زیاده ازین چه زحمت دهد •

الداعی
**احمد**

---

(٤) سەیید حەسەنی چۆڕی ، لە نەوەی مەلا ئەبووبەکری موصەنیفو مەلایەکی گەورەو موریدی بنەماڵەی شیخانی تەوێڵە بووە . لەم سەفەری حەجەدا لەسەر دەستی حاجی شێخ ئەحمەددا تەریقەتی وەرگرتووە .